Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.31 01:10:34 +01'00'

# خەوێکی شاد      ئەحمەد دەشتی



ئەو ئێوارەیە دڵم زۆر توند بوو بوو ، هەربۆیەش بووکە زووتر لە شەوانی ڕابوردوو  خۆم خزاندە ناو پێخەفەکەم و هەندی  کە ئەولاو ئەملام دەکرد بەڵام بە هۆی خەیاڵ و ئازارەکانی ساڵەهای ساڵی دەربەدەریم و یادی  کوردستانە شیرینەکەم و بیری خزم و هەڤالان و دۆستانی ئازیزم خەوم لێ هەڕماو خەوم لێ نەکەوت ، چەند جارێک هەستامەوەو پاڵ کەوتمەوە و بەڵام هەرچەندی کردم و کردم خەوم لێ نەکەوت، بۆیەکە لە پێخەفەکەم هاتمە دەرەوەو هەستامەوەو لە سەر کورسی کەمپیوتەرەکەم زۆر بەدڵتەنگیەوە روونیشـــــتمەوە ، کەمپیۆتەرەکەم دادەگیرساندەوەو هەندێ جار دەچوومە سەر پالتاک و لەوێش کە گوێم ڕا دەگرت زیاتر دڵتەنگ دەبووم و ئەوەی کە دەم بیست داخەکەم تەنیا ئازار و خەمی نەبڕاوە و  هەستی تەسک و نەزانی و بۆچوونی  ناڕاست و پەلار و توانج و یەکتر شکاندن و ئازارە دیرۆکیەکان بوو ، کەبەوەش  زیاتر ژانەکان دەوریان دەدام و دڵم پڕتر لە خەمو و ڕەنج و نەهامەتی    دەبۆوە ، ئیتر وازم لەوێش دەهێناو لە ئەنتەر نێت دەچومە دەرەوەو ڕووم لەنوسین و بیرەوەریەکان و شیعرەکانی خۆم دەکردەوە و دەچوومە ناو دیوانی شعرەکانم و کە تا ئێستا چاپ نەکراوە ئەو دیوانەم بەناوی بزەی گریانەوەیە کە رۆژێ جارێک سەری لێ دەدەم و ئامادەی دەکەم بۆ چاپ کردن و وردە وردە ڕێکی دەخەم و هەڵەکانی چاپی لە ناو دیوانەکەم لە سەر کەمپیویتەرەکەم ڕاست دەکەمەوە ، بە خوێندنەوەی هەندێ لە شیعرەکانم دڵم زیاتر ڕەنجی دەکێشاو نائارام دەبووم ، لەو کاتەدا خەریکی شیعریکم بە ناوی (نامەی خەم) بووم کە ئەو هۆنراوەیەم لە رۆژگارانی نەکسە شومەکەی ساڵی 1975 دا لە سەردەمی کارەساتەکەی  شۆڕشی ئەیلولی مەزن لە وەرامی ئەو نامەیەی کەشەهیدی نەمر و هەردەم لە یادم کاکە عەبدولخالیقی نەمر بۆی نوسیبووم تیادا گوتبووی کە بەزووترین کات  ئێزگەی دەنگی کوردستان کە لە

سینەمۆک دامان مەزراندبوو بەو هیوایەوە کە شۆڕشی ئەیلول بەردەوام دەبی و هەرگیز تەسلیم نابین ، ئەو بەو نامەیە ئاگاداری کردم  کە سینەموک بەجێ بێلم و بگەمەلای ئەوان  کە لە ئێران بوون نوسی بووی و شۆڕش نەماوە و ئیتر ئەو بڕیارەی کە درا بوو شۆرش تەسلیم نەبێت هەلوەشایتەوە ، وا بوو کە توشمان بەو کارەساتە مەزنە هات و دیمان کە بە سەدان هەزار کورد ئاوارەی دووری کوردستان بوون و لەپشتەوەڕا خەنجەرێکی ژەهراویان لە شۆڕشی مەزنی ئەیلو دا و منیش هەر لەو ڕۆژەوە وەک سەدان هەزار کەس  تا ئەمڕۆ ئاوارەو دەر بەدەر بووم ، برای دڵسۆز و مامۆستا و پرۆفیسۆری ئەنتێنا و ئەلەکترۆنمان مامۆستا عەبدولخالیقیش بە دەستی داگێرکەرە دڕندەکان لە شاری هەولێری دێرین ترۆر و شەهید کراو ئەویش وەک هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان بوو بەئەستێرەیەکی پڕشنگداری ئاسمانی بەرزی کوردەواری و کە بۆ هەتا هەتایە دەدرەوشێتەوەو هەرگیز نامرێت و ڕووڕەشیش بۆ هەموو دوژمنانی داگیرکەر و دڕندەو فاشستەکان ماوەتەوە.

لەناو ئە هەموو خەم و خەیال و بیرەوەریە تال و پڕ لە ئازارانەم دا دڵم وەژان دهات و شەویش بەرەو خوار دەبۆوە و کاتژمێر نەزیکەی بەرەو چواری بەیانی دەرۆیشت و دیار بوو کە ووردە ووردە خەوم دەهات و ئیتر وازم لە کار کردن هێناو دیسان بەرەو پێخەفەکەم خزام و ئیتر سەرم لەسەر سەرین داناو یەکسەر چوومە جیهانی خەوی ئاوارەیی و دووری کوردستانە ئازیزەکەم .

ئەوەی کە بە پێچەوانەی هەموو ئازارو خەمەکانی ئەو شەوەم بوو ئەو خەونە پڕ لە شادی و سەر بەرزیەم بوو کە بەیانی هەستام و گێڕامەوە و دڵم ئەوەندە پێ شاد بوو بوو کە وام دەزانی ئەو خەوەم راستیەو هاتۆتەکایەوە ، لەو خەوەم دا بوو کە کۆڕێکی ئەوەندە مەزن لە شاری بابەگوڕگوڕو شاری دڵی کوردستانی ئازیز بەستراوە کە تا ئێستا وێنەی کۆڕێکی ئاوام نەدیوە و نەبووە ، لەو خەوەم دا شەهیدی نەمر عەبدولخالیق هاتە لای من و تا بڵێیَ شادان و خەندان بوو ، ئاڵای کوردستانی بهە دەستەوە بوو ، گوتی وەرە با بڕۆین بۆ لای کاک ئیدریسی

جوانەمەرگ ئەویش وا لەو کۆڕە دایە ، ئەو کۆڕە بەناوی سەربەخۆیی کوردستان گیراوە ، چونکە کوردستان سەربەخۆ بووە و دوژمنان هەموویان لە ناو چووینەو نەماون ، بڕیار وایە کە هەموو سەرکردەکانی کورد بێن‌و لە بن سایەی ئەو ئاڵایە مەزنەی کوردستان دا کە لە سەر قەلای کەرکوکی دڵی کوردستانەوە وا دەشەکێتەوە هەموو سوێند بخۆن ، بڕیار وایە کە هەرچی کوردە لە ژێر سایەی ئەو پەرچەمە ڕەنگینەی کوردستان دا بە تایبەتی رابەرانی کورد بەتێکڕایی سوێند بەو ئاڵایە بخۆن و لە بەر چاوی ئەو هەموو خەلکە پەیمان ببەستن کە هەرگیز خیانەت لە یەکتر نە کەن و ماف بە خۆیان نەدەن کە قەت لە خەتی سوری نیشتمانی بپەڕنەوە و جارێکی تر کورد کورد نەکوژێ و هەر کەسێ هۆکاری هەستی ناپاکی خیانەت کردن بێت ئەوا لەناو کوردستان وەکو خاین و سیخوڕەکانی کورد بڕیار وایە کە لە کوردستان دەر بکرێن و ئیتر مافی گەڕانەوەیان بۆ کوردستان هەرگیز نەبێت و هەموو ئەو جۆرهە کوردانەناسنامەی کوردیان بۆ هەمیشە لێ دەسەندرێتەوەو بە کورد ناژمێردرێن .

لەو خەوەم دا چووین بۆ لای کاک ئیدریسی نەمر کە کۆڕەکەی بە ڕێوە دەبردو ئەو زۆر بەخێر هاتنی ئێمەی کردو سەو کامێرای ڤیدیۆی بە من و کاک عەبدولخالیق داو فەرمووی هەموو دەنگ و وێنەکان بۆ دیرۆک بە جوانی بگرن و لە دەنگی کوردستان دا بلاوی بکەنەوە و دەنگ و ڕەنگی هەموو سوێند خۆرەکان و ئەو کۆرە مەزنەمان تۆمار کرد و لە دەنگی کوردستان و ڕۆژنامەو راگەیاندنەکانمان دا بلاومان کردەوە ، بەڵێ هەموو ڕوداوەکانمان تۆمار کرد و لە دەنگی کوردستان و رۆژنامەکان هەمووی بلاو کرانەوە و ئەوسا لە سەرتا سەری کوردستان بوو بە شایی و دەهۆل و زوڕنا و گۆڤەند ، ئیتر منیش واگا هاتم و هەر چەند کە زانیم خەونە بەلام دلم هەتا بلێی بەو خەونە شاد و خەندان بوو .